

# مانگە شەو

## هۆنراوەی شالاو

ئەوە فرمێسکی ئاگرە
یاخود جەستەی سووتاوی مۆمە
ئەوە هەڵوەرینی پەڕەی گوڵە
یاخود تەنها
دڕانی ڕۆژ ژمێری تەمەنی ناسۆمە
لە من دیارە
ئەوەخەمی باڵدارێکی ئاوارەیە
لە ئاسمانی ئەم وولاتە
یاخود تەنها هەناسەی سووتاوی خۆمە
من گۆرانیم بۆ پەپوولە
زۆر چڕیوە
من فرمێسکم
بۆ مانگە شەو زۆر باریوە
بۆیە مانگە شەو هاتە لام
داوای فرمێسکی لێکردم
تا تینویتی پێ بشکێنێ
داوای ترپەی
دڵی گەرمی منی دەکرد

**تاكو چيتر**

**سەرما دڵـــــــــى نەتەزێنێ ...**